# زمانی پەروەردە و کاریگەری لەسەر ناکارامەییەکانی قوتابیان لە نووسینی داڕشتن دا (بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتی) بە نمونە

**ID No. 40**

(PP 73 - 84)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.6.4

**شادان صلاح الدين صالح**    **مزگین ئەحمەد عبدالرحمن**

بەشی کوردی - کۆلێژی زمان / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

Shadans1988@gmail.com    mizgin.abdurahman@su.edu.krd

**وەگــــــرتن : 2021/07/08**

**پەسندکردن : 2021/09/14**

**بڵاوکردنەوە : 2021/12/25**

**پوختە**

ناکارامەییەکانی قوتابییان لە وانەی داڕشتندا هۆکاری زۆری هەیە، وانەی داڕشتن وەک ڕێنوس نییە، کە بێ گوێدان بە واتا و ڕۆنانی وشە و ڕستەکان بنوسرێت و نمرەی باشی لێوەربگیرێت، داڕشتنی باش ئەنجامی بیرکردنەوە و سود وەرگرتنە لە خەیال و چالاکییە زەینییەکان . قوتابییان لەم وانەیەدا دەبێت جگە لە ڕاست نوسینی وشەکان، ڕستەسازیەکی باشییان هەبێت و توانای وەسفکردنی شتە دیارەکان و ناخەوەی خۆیان هەبێت، بۆیە بۆ بەهێزکردنی کارامەییان، پێویستە لەسەر نوسینی دارشتن لە قوتابخانەکان ڕابهێنرێن. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بۆ دەرخستنی هۆکارەکانی ناکارامەیی قوتابیان، پێویستە وەڵامی چەند پرسیارێک بدەینەوە بۆ ئەم مەبەستە ڕای قوتابییان و مامۆستایان و دایک و باوکانی قوتابیانمان وەرگرتووە، و بەهۆی دابەشکردنی چەند پرسیارنامەیەک توێژینەوەکە ئەنجامدراوە و دواتر داتاکان و وەڵامەکان شرۆڤەکراون . ئەنجامەکان نیشان دەدات، کە ئاریشەی ناکارامەییەکانی قوتابیانی بازنەی سێیەمی قۆناغی خوێندن لە نوسینی داڕشتن دا لە چوار ڕوانگەوە دەکرێت کۆبکرێنەوە : ١- ئاریشەی ڕۆنانی ، ٢- ئاریشەی کردەیی (کارەکی) ، ٣- ئاریشەی تایبەت بە وانە وتنەوە ،٤- ئاریشەی تایبەت بە ڕێنوێنی و هەڵبژاردنی بابەت .

**کلیلە وشە:** زمانەوانی کارەکی ، وانەی داڕشتن، قوتابییان، ناکارامەیی قوتابیان.

## 1. پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ((زمانی پەروەردە و کاریگەری لەسەر ناکارامەیییەکانی قوتابییان لە نووسینی داڕشتندا (بازنەی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتی بە نمونە))، بە مەبەستی دەرخستنی هۆکارەکانی ناکارامەیی قوتابییانە لە نووسینی داڕشتندا، ئەم توێژینەوەیە ، بریتییە لە نیشاندان و تیشك خستنەسەر ئەو گیروگرفتانەی وا لە قوتابییان دەکات، ناکارامەبن لە قسەکردن و نووسیندا .

داڕشتن بابەتێکی زۆر گرنگە، بەڵام وەکو ئێستا دەبینین لە ناوەندە خوێندنە حکومییەکاندا ئەو گرنگیەی پێنادرێت، لەگەڵ ئەوەی هۆکارێکە دەبێتەهۆی لێهاتویی لە قسەکردن و نوسیندا، نەبونی گرنگیدان بەم بابەتە بۆتە هۆی دروست بوونی ئاریشە لەبەردەم قوتابییان، بۆنمونە: هەبوونی ترس لە قسەکردندا ، کەم و کوڕی لە نووسیندا .....هتد، ئەم ئاریشانە بونەتە ئاریشەیەکی باو، پێویستە لەبەر تیشکی پێوەرە زمانییەکان تاوتوێ بکرێت و گفتوگۆی زانستی لەسەربکرێت.

توێژینەوەکە بە (زمانی کوردی_دیالێکتی ناوەڕاست) ئەنجام دراوە، نمونەکانی پرسیارنامەی توێژینەوەکە، بریتین لە: زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی دیالێکتی ناوەڕاست (هەولێر) بۆ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و سەلماندنی بۆچونەکان، سوود لە سەرچاوە زانستییەکانی زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، سەرچاوەی ئەلیکترۆنی)وەرگیراوە. هەروەها سنووری توێژینەوەکە چەند قوتابخانەیەکی حکومی کراونەتە سەرچاوە بۆ بەدەستهێنانی داتایەکان.

داڕشتن وادەکات کە قوتابیان تێکەڵی کۆمەڵگا بن لە بارودۆخەکانی ژیاندا و بە بەکارهێنانی کارامەیی لە قسەکردن، ئەمەش ڕێگایەکە بۆئەوەی قوتابیان توانای بیرکردنەوەیان باشتر و بەهێزتر بێت و ببنە کەسانێکی لێهاتوو و زیرەك لە قسەکردندا. بابەتی داڕشتن قوتابیان ڕادەهێنێت هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ نەکەن لە کاتی قسەکردندا.

توێژینەوەكە بە پێی ڕێبازی وەسفی شیكاری، ئەنجام دراوە، كە باس لە هۆكارەكانی ناكارامەیی قوتابییان دەكات لە نووسینی داڕشتندا، هەروەها توێژینەوەكە بەپێی زمانەوانی كارەكی(Applied linguistics) ئەنجام دراوە. بۆ زیاتر ڕوون كردنەوەی بابەتەكە، سوود لە ڕاپرسی وەرگیراوە، ئەویش بەشێوەی پرسیارنامە كە ئاراستەی قوتابییان و مامۆستایان و دایكان و باوكان كراوە.

گرفتی توێژینەوەكە ١- بەهەند وەرنەگرتنی وانەی داڕشتن لە لایەن سیستەمی پەروەردەوە. ٢- نەبونی پێوەرێكی ستاندەرد بۆ نمرە دانان بە وانەی داڕشتن. ٣- شارەزا نەبوونی قوتابییان لە ڕیزكردنی وشە و ڕۆنانی ڕستە. ٤- هەژاربوونی گەنجینەی فەرهەنگی وشەی قوتابییان.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەكی پێكهاتووە، بەشی یەكەم: پێكدێت لە دوو تەوەر: تەوەری یەكەم، لە ڕوانگەی بابەتی زمانەوانی كارەكییەوە تیشك خراوەتەسەر ناكارامەییەكانی قوتابییان لە نووسینی داڕشتندا. ئەویش سێ بابەت لەخۆدەگرێت: زمانەوانی دەروونی، زمانەوانی دەماری، زمانەوانی كۆمەڵایەتی، هەریەكێك لەم بابەتانە بە شێوەیەكی گشتی تیشكیان خراوەتەسەر لە گیروگرفتەكانی قوتابیان لە بارەی ناكارامەبوونیان لە نووسینی داڕشتندا. تەوەری دووەم: پێكدێت لە ئاریشەكانی قوتابییان لە ڕوانگەی پەروەردەوە لە نووسینی داڕشتندا.

بەشی دووەم: لەم بەشەدا تیشك خراوەتەسەر ئەنجام و شرۆڤەكردنی فۆرمی ڕاپرسی لەسەر بابەتی داڕشتن، كە فۆرمەكەش چەند پرسیارێك لەخۆ دەگرێت و ئاراستەی چەند قوتابییەك كراوە. لە كۆتایی توێژینەوەكەشدا چەند ئەنجامێكی گرنگ و دیار بە دەست هاتوون و لە چەند خاڵێكدا خراونەتەڕوو لەگەڵ پێشنیار.

**2. ناكارامەییەكانی قوتابییان لە ڕوانگەی زمانەوانی كارەكییەوە:**

**یەكەم: زمانی پەروەردە و كاریگەری لەسەر ناكارامەییەكانی قوتابییان لە نووسینی داڕشتندا:**

بەهۆی زمانەوە مرۆڤەكان دەتوانن لەیەكتری بگەن و پەیوەندییەكانیان ئاڵوگۆڕبكەن هەندێجار لەیەك نەگەیشتن و پشتگوێ خستن لە نێوانیاندا ڕوودەدات بەهۆی كۆمەڵێک هۆكارەوە، ئەو هۆكارانەش دەگەڕێنەوە بۆ لایەنی زمانی پەروەردەكەی، كە ئایا لە لایەنی دەرونییەوە پەروەردەیەكی باش نەكراوە ،یا لەلایەنی كۆمەلایەتییەوە ژینگەیەكی لەباری بۆ نەڕەخسێنراوە، بۆیە ئەو هۆكارانەی كەوا ناكارامەییەكانی قوتابییان بە دەردەخەن لە ڕووی زمانییەوە دەبنە چەند هۆكارێك، ئەویش دەچێنە ناو بواری زمانەوانی كارەكییەوە. زمانەوانی كارەكی لقێكی گرنگی زمانەوانییە و بەرامبەر بە زمانەوانی تیۆری دەوەستێت، ئەگەر زمانەوانی تیۆری تایبەت بێت بە دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی و مێژووی زمانەوە، لە بەرامبەر ئەم زاستەدا زانستێكی تر هەیە ئەویش زمانەوانی كارەكییە. ئەمیش زۆر بابەت و بوار دەگرێتەوە، لەوانەش: فێركردنی زمان، نەخۆشییەكانی گوتن، شیكردنەوەی بەرامبەری و شیكردنەوەی هەڵەكان، فێركردنی زمانی بێگانە و زمانی دایك و تاقیگەكانی زمان و زانستی زمانەوانی دەرونی و كۆمەڵایەتی و ئامێری و وەرگێران و...هتد. (یوسف شەریف سعید، ٢٠١١، ٩). بە واتایەكی تر ((زمانەوانی تیۆری نەخشە ڕێگا و هێڵە گشتییەكانی زمان دیاری دەكات و ئەركەكەی تەواودەبێت، بەڵام ئەركی زمانەوانی كارەكی بەگەڕخستن و كارپێكردنی ئەو تیۆرانە و چارەسەری ئەو گرفتانەیەكە لە ئەنجامی جێبەجێكردنی كردەی قسەكردندا ڕوودەدەن. زمانەوانی كارەكی لقێكی زانستی زمانییە و پەیوەندی بە پراكتیزەكردنی تیۆرەكانی زمانەوانی و ڕوون كردنەوەی كێشەكانی زمانەوە هەیە، كە لە هەندێك شوێنی دەربڕیندا دەردەكەوێ. زمانەوانی كارەكی بە زۆری لە بواری فێربون و فرمانی بیانیدا دەردەكەوێت.)). (شێركۆ حەمەئەمین و بڕوا ڕەسول، ٢٠١٣، ٣٤٧). شیكردنەوە و ڕوون كردنەوەی هەڵەكان یاخود دیاریكردنی ناكارامەییەكانی قوتابیان هۆكارێكە، كە لەناو قوتابخانە حكومییەكاندا بۆتە كێشەیەكی دیار و دەبێتەهۆی دەست نەكەوتنی نمرەی تەواو، یاخود ناكارامەبوونی قوتابییان لە نووسینی داڕشتندا، ((زۆرینەی خەڵك لەو بۆچوونە یەكدەگرنەوە، كەوا قوتابخانە بەرپرسی یەكەمە لە دەستەبەركردنی هۆكاری سەركەوتنی قوتابیان و پاشەڕۆژێكی پڕشنگدار.)). (ڕێزان مستەفا، ٢٠١٣، ١٦٤)، بەڵام ئەگەر سەیری پرۆسەی فێربوون بكەین بەشێوەیەكی گشتی دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، كەوا پرۆسەی فێربوون تەنیا هەر بۆ قوتابخانە نییە، كە ئەركی لەخۆگرتنی قوتابییان بگرێتە ئەستۆ، بەڵكو پێویستە دایك و باوك و كۆمەڵگا و قوتابخانە هاندەربن بۆ ئەوەی تاكێكی بە هێز و لێهاتوو و چاونەترس دروست ببێت، چونكە دەبێت ئەوە بزانین، (( سروشتی پرۆسەی فێربون و فێركردن كردەیەكی داهاتوییە.)). (هەمان سەرچاوە، ١٦٥)، بەو واتایەی، ئەو ناكارامەییانەی كە لە قوتابییاندا هەیە، قوتابخانە و كۆمەڵگا و خێزان نەیان توانیوە هەلی گونجاو برەخسێنن تاوەكو قوتابیان هەڵسن بە ئەركەكانی فێربونیان دەربارەی بابەتی داڕشتن.

**پەیوەندی ناکارامەییەکانی قوتابیان بە زانستی زمانەوانی دەروونییەوە:**

هەندێ جار قوتابییان کۆمەڵێك زانیاریان هەیە، بەڵام ناتوانن دەریان ببڕن، یاخود لە نووسیندا بەکاریان بهێنن، چونکە هەموو ومرۆڤێکی تەندروست، کە ئاریشەی نەبێت لەڕووی جەستەوە دەتوانێت کۆمەڵێک زانیاری لە مێشکیدا کۆبکاتەوە، بەڵام ئەگەر هەر هۆکارێک کاری لێبکات دەبێتە هۆی ئەگەری ناکارامەیی لە کەسایەتی قوتابییەکە، چونکە وای لێدەکات کەسایەتیەکی ناکارامەی لێ دروست ببێت. هەربۆیە لایەنی دەروونی زمان گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و پەیوەندییەکی بە تین بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە، هۆکارەکانی دەروونی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی مرۆڤ، کە چییە و چۆنە؟ ئەمەش پەیوەندی بە کاریگەری دیاریدەی گۆڕانی چالاکی فسیۆلۆجیەوە هەیە، وەکو هەڵچوونە جیاجیاکانی مرۆڤ(هەڵچوون، ناکارامەیی، بێ ئومێدی، ڕەشبینی، لاوازی،.....هتد)، ئەو هۆکارە دەروونیانەی مرۆڤ وایان کرد زمانەوانی دەروونی سەرهەڵبدات، بابەتی زمانەوانەی دەروونی لەوەدایە زمان وەکو دیاردەیەکی کەسی سەیر دەکرێت، چونکە مرۆڤ بە هۆی بارودۆخی دەروونی و ڕەوشتی دیاریکراوە.( عبدلواحید مشیر دزەیی ، ٢٠١٢، ٣٥ و ٣٦).

بۆ نمونە؛ وروژێنەری دەروونی و ڕەوشتی قوتابیەك چییە، کە وای لێکردبێت ناکارامەبێت لە پرۆسەی فێربوونی بابەتی داڕشتندا. ، چۆمسکی پێی وایە، کە لایەنی بایەلۆژی نابێت فەرامۆش بکرێت. چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە زمانی ناو مێشك(language faculty) کە ئەمیش لە ئەنجامی کەلەکەبوونی ئەزموون دەوڵەمەند دەبێت بە هۆیەوە منداڵ سەرنجی چوار دەور و ژینگەی خۆی دەدات و لە دەربڕینەکانی ناو زمان و ئەو ژینگەیەی کە زمانی تێدا بەکاردێت ورد دەبێتەوە. (بێستون حەسەن ئەحمەد، ٢٠١٣، ١١١)، جا هەر کاریگەریەك لە زمانی ئەو قوتابیە دروست ببێت دەبێتە هۆی ناکارامەیی لە سیستەمی بەکارهێنانی زمانەکەی. هەربۆیە هەر گۆڕانکارییەك لە باری دەروونی تاك ڕووبدات ڕاستەخۆ کاردەکاتە سەر دەربڕینەکانی، واتە؛ دەربڕینەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە سایکۆلۆژییەتی تاکەوە هەیە، هەندێ جار وا ڕوودەدات ئەو بارە دەروونییە بە شیوەیەك کاریگەری لەسەر تاکەکە جێدەهێڵێت، ناتوانێت بە شێوەیەکی دروست کردەی قسەکردنی لەگەڵدا ئەنجام بدرێت، لە کاتی هەڵچوونە دەروونییەکاندا تاك ڕووبەڕووی جۆرەها هەڵەو تێکچوونی قسەیی دەبێتەوە، بەم پێیە پەیوەندیەکی بەهێز و کاریگەر لە نێوان باری دەروونی تاك و زمانی قسەکردنیدا دەبینرێت. (ساپیر)، دەڵێت: ئێمە هەمیشە لە ڕێگەی ئەو وشانەوە بیردەکەینەوەو کە لە زەینماندا ئامادەی دەکەین. (حاتم صالح ضامن، ١٩٨٩، ١٤٧). هەروەها بیروڕای زانای ئەمریکی (ۆرف) کە لە بۆچونەکانی (ساپیر)ەوە نزیکەو ئەوە دەردەخات کە زمان شێوەی بیرکردنەوەمان دیاری دەکا، ( ئەڤین سامی عارف، ٢٠١١، ١٦). کەواتە؛ ئەوەی لە مێشکماندا هەیە زمان دەری دەبڕێت، بەڵام لە هەندێک کاتدا (لاشعوری) هەندێ ڕەفتار یاخود قسە هەیە مرۆڤ دەیانکات بێ ئەوەی لە مێشکیدا ئامادەی کردبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندیان بە لایەنی ژیری (عەقل) مرۆڤەکانەوە هەیە. کە لە ئەنجامی چەند وروژێنەرێکەوە ئەم کاردانەوانە دروست دەبن. کە ئەمەش پەیوەندی بە زمانەوانی دەمارییەوە هەیە.

**پەیوەندی ناکارامەیی قوتابیان بە زانستی زمانەوانی دەمارییەوە:**

پرۆگرامکردنی زمانەوانی دەماری ((لە زۆر بواردا بەکارهێنانی هەیە، یەکێك لەو بوارانەش بریتییە لە بواری فێرکردن.)). ( عبدلواحید مشیر دزەیی، ٢٠١٣، ٧٠)، ئەم زانستە هەوڵدەدات ئەو ئاریشانەی کە لە پرۆسەی خوێندندا ڕوودەدات بە تایبەتی لە بواری مێشك(بیر)دا دیارییان بکات ئەم زانستەش زیاتر بۆ فێرکردنە، نەوەك پەروەردەکردن. ( ئەژین اکرەم محمدامین، ٢٠١٤، ٣٠). ئەم زانستە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، مرۆڤ بۆ مەبەستی جیاوازی سودی لێ دەبینێت، هەر بۆیە، دەتوانین بڵێین: NLP)) هۆکارێکە یارمەتی مرۆڤ دەدات، کە توانا شاراوەکانی خۆی بدۆزێتەوە و هەوڵبدات هەر کەموکوڕیەکی هەبێت، بتوانێت گۆڕانکاری لەخودی خۆی بکات و هەوڵی چاکردنی بیر و ڕەفتارو گەشەپێدانی بەهرە و توانای خۆی بدات. ئەم زانستە هەوڵدەدات ئەو ناکارامەییانە بدۆزێتەوە کە دەبنە هۆکار بۆ ئاریشە زمانییە ژێرییەکانی قوتابییان. بۆ نمونە (لەبواری چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشی زۆر سەرکەوتوو بووە، لەوانە فۆبیا (ترس، خەمۆکی، گەشکە). (یوسف شەریف سعید، 2011، 350)، یاخود هۆکارە دەرونییەکان و بیرکردنەوەی نەرێنی و هەستەکانی قوتابییان، کاتێك هەستدەکات کە ڕوخاوە یاخود ناکارامەیە لەدەربڕینی هەر وشەیەك کەدەیەوێت بیدرکێنێت. بۆ ئەمەش ئەم زانستە پەیوەندی بە مێشکی مرۆڤەوە هەیە، کە هەندێ جار هەندێک شت بە مێشکی مرۆڤ دادێت لە کاتی بێئاگاییدا ئەنجامیان دەدات، چونکە هەر کاریگەرییەك لە ژینگەی مێشکدا دروستببێت، دەبێتە هۆی تێکدانی پرۆگرامی قسەکردن. هەربۆیە زمانەوانی دەماری کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژینگەی قسەکردنەوە هەیە. بۆنمونە؛

ئەگەر قوتابییەك ژینگەی ماڵەکەی پڕبێت لە توندوتیژی و شەڕو ئاژاوە، لە ئەنجامدا قوتابییەکی ناکارامە و هەندێجار گۆشەگیر و دروست دەبێت، توانای قسەکردنی نابێت بە شێوەیەکی گونجاو. هەروەها زمانی جەستە، بەهۆی بەکارهێنانی جوڵەی دەست و قاچەکان و ڕوخۆشی و بەرکەوتن و ڕۆیشتن و هەستان و چۆنیەتی دانیشتن، مەودای نێوان قسەکەر و گوێگر. ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر کەسە هەستییەکان هەیە. ( ئەژین اکرەم محمدامین، ٢٠١٤، ٣٠)، بۆنمونە؛ کاردانەوەی قوتابیان چیە لەکاتێکدا کە مامۆستا پەنجەیان لێڕابوەشێنێت و هەڕەشەیان لێبکات، یا شێوانی دەموچاو لەبەرامبەریان بەشێوەیەکی ناشرین،،.....هتد. کەواتە: بەهۆی نەڕەخسانی ژینگەیەکی لەبار بۆ قوتابیان، فەرامۆشکردن و گرنگینەدان  بە حەز و ئارەزووەکانیان دەبێتە هۆی کاردانەوە و دروستکردنی مرۆڤێکی ناکارامە و سست، جا بۆیە ئەو هۆکارانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون دەکەنەوە دەچنە ناو زانستی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، هەرچەندە کە زمانەوانی کۆمەڵایەتیش پەیوەندی بە زمانەوانی دەروونییەوە هەبووە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەم وەکو زانستێکی سەربەخۆ پەرەیسەند.

**پەیوەندی ناکارامەییەکانی قوتابیان بە زانستی زمانەوانی کۆمەڵایەتیەوە:**

زمان دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە و مرۆڤ لەو  ژینگەیەی، کە لێی دەژیت وەریدەگرێت و دەچێتە ژێر ڕکێفی ئەو ژینگەیەشەوە، دیاردە زمانییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری ژیانی کۆمەڵگادان، واتە؛ کۆمەڵگا پەیوەندییەکی ڕاستەخۆی بە دیاردە زمانییەکانەوە هەیە، جا ئەو تاکە بیەوێت و نەیەوێت کۆمەڵگا دەیبەستێتەوە بە یاساکانی قسەکردن و ناچاری دەکات پابەندبێت پێیان.( شیلان عوسمان عەبدولرەحمان، ٢٠٠٨، ٤٣)، ئەم جۆرە زمانەوانییە لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە کە زمان بە کۆمەڵگەی مرۆڤەوە دەبەستێتەوە.) (Crystal-1993-357.)واتە؛ مرۆڤ دەبێت ئەو یاسایانە بەکاربهێنێت کە کۆمەڵگا لەسەری ڕێککەوتووە. ئەمەش لەگەڵ هەمان تێڕوانینی سۆسێر یەکدەگرێتەوە، کە پێی وایە: زمان ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە.( عەبدوللا حوسین ڕەسول، ٢٠١٥ ،١٧). فندریس) پێی وایە (( کۆمەڵگا سەرپەرشتی سۆز و داب و نەریت و ڕەوشتی کەس دەکا و لە قاڵبی دایدەڕێژێت، هەر کەسێ لێی لابدات ڕوبەڕوی سزای کۆمەڵگا دەبێتەوە، کە سوکترینیان گاڵتە پێکردنە.)). ( عبدالواحید مشیر دزەیی، ١٩٩٩، ١٦).  هەربۆیە مرۆڤ ناتوانێت لە یاساکانی کۆمەڵگا لابدات.

بۆنمونە: کاتێك کە مامۆستا داوای دارشتنێك لە قوتابیان دەکات، قوتابیانیش هەوڵدەدەن وشە و زاراوەی جۆراوجۆر بەکاربهێنن، بەڵام هەندێجار ئەو توانایەیان نییە؟ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی کە قوتابیان تێیدا دەژین، لەوانەیە کۆمەڵێک هۆکاریان هەبێت بەڵام نەتوانن دەریببڕن، بەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر مێشکی قوتابیەکە دروستدەبێت. ئەویش دەگەڕیتەوە بۆ ئەو بیرکردنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵە کەسێك لەسەری ڕێککەوتوون، بە گوێرەی ئامانج و پەیوەندییەکانیان بووە بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و چەند یاسا و قاڵبێکی فکری و ڕەوشتی وەرگرتووە، کە کۆمەڵە کەسێك کردوویانە بە دەستور و حوکمی پەیوەندییەکانیان دەکەن.( بەهار زایر محمد، ٢٠٠٩، ٢٢). (دۆرکایم) پێیوایە تاك هەر لەگەڵ لە دایك بونیەوە خۆی لە نێو چوارچێوەی چەند یاسا و ئەحکامێکدا دەبینێتەوە، نە دەتوانێت بیگۆڕێت و نە دەتوانێت لە گرنگی کەم بکاتەوە، هەروەها ناتوانێت ڕەخنەی لێبگرێت و هێرش بکاتە سەری و لێی ڕابکات، تاکە شتێك کە تاك دەتوانێت بیکات، جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە و خۆبەدەستەوەدان بە فەرمانەکانیەتی، ئەگینا ئەو تاکە لە کۆمەڵەکەدا قبول ناکرێت.( احسان محمد حسن، ١٩٩١، ١٣٠). لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تاکەکەس لەم سیستەمەدا بە داب و نەریتی تایبەت و ژیانێکی بە کۆمەڵ بەستراوەتەوە، تاکەکەس فێربووە بە پێی ویستی ئەو کۆمەڵگایە هەڵسوکەوت بکات و هەموو کاتێك هەوڵدەدات دەوروبەرەکەی لێی ڕازیبن، چونکە دەوروبەرەکەی بە هەموو شێوەیەك کۆنترۆڵی دەکەن.( نەزیف مایی، ٢٠٠٨، ١٦)،  هەربۆیە لە کۆمەڵگای کوردیدا کاریگەرییەکی زۆر لەسەر تاك هەیە بۆ ئاراستەکردنی ڕەوشت و دابونەریتی، بەمەش تاك واز لە زۆر پێداویستی زەقی خۆی دێنێت بۆ ڕازیکردنی دایك و باوك و کەسانی لەخۆ گەورەتر، یاخود هەریەك لە(شافر و دۆلارد و میللەر) کە سەر بە قوتابخانەی ڕەفتاری تازەن ئاماژە بەوەدەکەن کە هەندێجار نیگەرانی و دڵەڕاوکێ ناگەنە ڕادەی تەواوی تێربوونی دەروون، چونکە جاری وا هەیە مرۆڤ لەسەردەمی منداڵیدا توشی هەندێک هەڵوێست دەبێت کە ترس و تۆقینی تێدایە، لەمەشدا هەندێک فاکتەری وروژێنەر ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لەم پرۆسەیەدا، نیگەرانی و ڕاڕایی شەرم و دورەپەرێزی بەسەر هەستی مرۆڤدا زاڵدەبن. یاخود هەندێجار مرۆڤ ناگات بە حەز و ئارەزوەکانی ناچار پەنا دەبات بۆ هەندێک ئەفسانە و بیروباوەڕی نەشیاو و دوور لە ڕاستی، سەرئەنجام دەبنە قوربانی تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئاسایش لە ژیاندا.(بەهائەدین جەلال، ٢٠١٨، ٢). بۆیە؛ پێویستە کۆمەڵگا تاکەکانی خۆی ڕابهێنێت لەسەر چۆنیەتی بروا بەخۆبوون و پابەندبوون بە بەها کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها گرنگە ئەندامانی خێزانیش مندالەکانی خۆیان

فێربکەن کە چۆن ڕێز لە بەها کۆمەڵایەتییەکان بگرن و پشتگوێی نەخەن. چونکە کاتێك مرۆڤ توانی ڕێز لە بەها کۆمەڵایەتییەکان بگرێت وا دەکات خۆی لەگەڵ کۆمەڵگاکەی بگونجێنێت.

**دووەم: لایەنی پەروەردە و کاریگەری لەسەر ناکارامەییەکانی قوتابیان لە نووسینی داڕشتندا:**

هەر لە کۆنەوە پەروەردە جێگای گرنگی و بایەخی کۆمەڵگاکان بووە، ئەمە جگە لەوەی کە گرنگیدان بە پەروەردە لە بیری زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندەکان و ئابوری ناسەکان دەبینرێت، وەکو: (ئەفلاتون ، ئەرستۆ، جان جاک رۆسۆ، جۆن ستیوارت، داڤید هیوم، ئەلیکس دی تۆکڤێل،.....هتد.( عەدنان مەجید محەمەد،٢٠١٨،١)، ئەفلاتون پێی وایە: پەروەردە بریتییە لە بەخشین بۆ جەستە و دەروون، کە هەموو جونی و تەواو کارییەک لەخۆ دەگرێت. (چنار عزیز، ٢٠٢٠،١)، هەربۆیە پەروەردە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە سەر مرۆڤەکان بە گشتی، قوتابیان لە قوتابخانە بە تایبەتی، لە هەموو قوناغەکانی خوێندندا، قوتابیان بەشێوەیەکی گشتی ناکارامەن لە نووسینی داڕشتندا، ئەو کەسایەتیانەی هۆکارن لە ناکارامەبوونی قوتابیان جا ئایا، دایك و باوك، یا مامۆستا، یاخود قوتابیان خودی خۆیان هۆکاری ناکارامەیین. لە چەند ئاریشەیەك گیروگرفتەکان دەخەینەڕوو:

یەکەم:ئاریشەکانی نووسینی داڕشتن لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە:

مامۆستا بە ڕابەر و سەرکردە دادەنرێت بۆ پێگەیاندنی نەوەکان، بۆیە چەند مامۆستا ئەرك و بەرپرسیارییەتی پەروەردەیی لەخۆی بگریت، ئەوندە نەوەیەکی شارەزا و پێگەیشتوو بێ کەموکوڕی دروستدەبێت، بە پێچەوانەوەش، نەوەیەکی ناکارامە و سست دروست دەبێت. ئەو ئاریشانەی کە دەبنە بەربەست لە نووسینی داڕشتن لەلای مامۆستایان، دەبن بە چەند بەشێکەوە:

**ئاریشەی پەیوەست بە نووسین:**

نووسین بەشێکی گرنگە لە داڕشتندا وا لە قوتابیان دەکا ئاستی بیرکردنەوەیان بەهێز بێت، لە نووسیندا یاسا و ڕێسا بەکار بهێنن. هەر بەهۆی نووسینەوەیە مامۆستا دەتوانێت ئاستی زیرەکی قوتابیانی بۆ دەرکەوێت لە بابەتی داڕشتندا.

**ئاریشەی پەیوەست بە وانە وتنەوە:**

پرۆسەی وانەوتنەوە پرۆسەیەکی گرنگە بۆ فێربوونی قوتابیان لەو زانیارییانەی کە پێیان دەدرێت لەهەر بابەتێکدا، بابەتی داڕشتنیش وەکو بابەتەکانیتر پێویستی بە پێدانی زانیارییە، بەڵام هەندێک لە مامۆستایان گرنگی ئەو بابەتە نازانن و ڕێنماییەکانی نووسینی داڕشتن نادەن بە قوتابیان، یا قوتابیان هان نادەن بۆ خوێندنەوە و نووسین و ئاشناکردن بە بابەتی جۆراوجۆر، قوتابیان سەرپشك ناکەن کە خۆیان ناونیشانێك هەڵبژێرن یاخود ناونیشانەکە ناگونجێنن لەگەڵ ئاستی قوتابیەکان.

**ئاریشەی پەروەردەیی:**

پەروەردە گرنگیەکی زۆری هەیە لە پێگەیاندن و تێگەیاندندا. بۆیە کۆمەڵێک هۆکار هەن لە سیستەمی پەروەردەدا وای کردووە کە بابەتی داڕشتن گرنگی و بەهای نەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ: زۆری بابەت و گرنگیدانی زیاتر بە وانەکانی تر، وەکو؛ بیرکاری و کیمیا و زیندەوەرزانی،.....هتد و فەرامۆشکردنی بابەتی داڕشتن، چونکە بابەتێکە دەکەوێتە ناو بابەتی زمانی کوردی و لەپاڵ ئەم بابەتە ئەدەب و ڕێزمانیش دەخوێنرێت، بۆیە هەندێ جار دەبێتە وانەیەکی ماندووکەر بۆ مامۆستا. یا کۆرسی تایبەت نەدراوە بە مامۆستا بۆ وتنەوەی ئەم بابەتە، یاخود داڕشتن بابەتێکە قوتابییان چاوەڕێی کەوتنیان لێناکرێت. هەروەها زۆربەی سەرپەرشتیارانی پسپۆری زمان، چاودێری مامۆستا ناکەن لەم بابەتەدا. یان جووت زمانی هەندێت لە قوتابیان، بۆنمونە: قوتابیەك کە زمانی عەرەبی بێت، کاتێك لەناکاو دەگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەیەکی کوردی، ئاریشەی بۆ دروست دەبێت، بەتایبەتی لە ڕێنوسدا .

**دووەم: ئاریشەکانی نووسینی داڕشتن لە ڕوانگەی قوتابیانەوە:**

**هەندێجار قوتابیەکە خۆی ناکارامەیە لە ئاست بابەتی داڕشتندا، چەند ئاریشەیەک هەن، لەوانەش:**

**ئاریشە ڕۆنانییەکان:**

زۆر لە دایك و باوکان خۆیان لەگەڵ منداڵەکانیان ماندوو ناکەن بۆ ئەوەی وانەیان فێربکەن و هانیان بدەن، بەڵکو لە کۆڵ خۆیان دەکەنەوە و گرنگیان پێنادەن. بابەتی داڕشتنیش پێویستی بەوەیە کە قوتابییان هانبدرێن بۆ خۆیان بە دوای زانیاریدا بگەڕێن، نەوەك بۆیان پەیدابکەن و بۆیان بنووسن، هەروەها هەندێجاریش قوتابیان لەڕوی دەرونییەوە ئامادە نیین بۆ نووسینی دارشتن، بۆنمونە: ئەو قوتابییەی کارەساتێکی بەسەرداهاتووە، یا ئاریشەی خێزانی هەیە، یاخود لەگەڵ مامۆستاکەی ئاریشەی هەیە،.....هتد،

کە ئەمانە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بیر و هزری قوتابییەکە دروست دەکات، و زۆرکاتیش قوتابیەکە لە قۆناغەکانی پێشوتر هەوڵی لەگەڵ نەدراوە کە فێری نووسینی داڕشتن بکرێ.

**ئاریشەی کردەیی(کارەکی):**

لە بابەتی دارشتندا زۆربەی مامۆستاکان زانیاری تەواو نادەن بە قوتابیان بۆ نووسینی داڕشتن، یا کەمی نمرەی دارشتن دەبێتە هۆکارێك، کە قوتابییەکان گرنگی بەم بابەتە نەدەن و بابەتێکی تر بخوێنن لەبری وانای داڕشتن ، بەمەش دەبێتە هۆی سەرقاڵکردنی قوتابیەکە بە بابەتی ترەوە لەکاتی وانەی کوردی کە بابەتی داڕشتن بێ. هەروەها هەندێ لە مامۆستایان کەشێکی ئارام و بێدەنگ بۆ قوتابیان نارەخسێنن تاوەکو قوتابیەکان خەیال و ئەندێشەیان وێنا بکەن و داڕشتن بنووسن. جگە لەمانەش پشتگوێخستنی بابەتی خوێندنەوە لەلای هەندێ لە مامۆستایان، کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە بەهێزبونی بابەتی داڕشتن.

ئاریشەی تایبەت بە وانە وتنەوە:

هەندێجار مۆڵەت نادرێت بە قوتابیان بۆ گفتوگۆ و پرسیارکردن، ئەمە کێشەیەکی گەورە بۆ قوتابیان دروست دەکات، وا دەکات قوتابییان لە ناونیشانەکە تێنەگەن، یا بەشێکی زۆر لە قوتابییان نازانن ئامانج لە نووسینی داڕشتن چییە، . هەروەها ڕوون نەکردنەوەی ڕێگاکانی نووسینی داڕشتن بۆقوتابییان لەلایەن هەندێ لە مامۆستایان، قوتابیان سەرەتا کە ئاشنای بابەتی داڕشتن دەبن هیچ زانیارییەکیان نییە بۆیە پێویستە مامۆستا رێگاکانیان بۆ ڕوون بکاتەوە تاوەکو نەبێتە کێشە بۆ قوتابیەکان.

ئاریشەی تایبەت بە ڕێنمایی و هەڵبژاردن:

ڕێنمایی و هەڵبژاردن لە نووسینی بابەتی داڕشتندا گرنگە کە بدرێت بە قوتابیان، تاوەکو شارەزایی تەواویان لەو بابەتە هەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە بەشێکی زۆر لە مامۆستایان ئەو سەربەخۆییە لە قوتابییان زەوت دەکەن کە خۆیان ئازادبن لە هەڵبژاردنی ناونیشانێك تاوەکو بتوانن داڕشتنەکە بنوسن، هەروەها هەندێجار ئەو ناونیشانەی کە بە قوتابییان دەدرێت هاوسەنگ نییە لەگەڵ ئاستیان.

**سێیەم:ئاریشەکانی نووسینی داڕشتن لە ڕوانگەی دایك و باوکەوە:**

دایك و باوك ڕۆڵێکی زۆر کایگەرییان هەیە لە پەروەردە و فێربوونی منداڵەکانیان، گەلێ لە قوتابیان پەروەردەی خێزانی وای لێکردوون کە زۆر بێ ئاگابن لەو هەڵسوکەوت و بردنە سەری ژیانی ڕۆژانەی خۆیان، ئەمەش وا دەکات، کە منداڵ توانای گفتوگۆ و قسەکردنی نەبێ لەناو کۆمەڵدا. هەروەها دایك و باوك نەتوانن ببن بە هاندەر و پاڵپشت بۆ منداڵەکانیان لە ئەنجامدا ئەو جۆرە منداڵانە توشی گۆشەگیری و توڕەبوون و هەڵچوونی لەناکاو دەبن، ئەمەش بەخێرایی کاردەکاتە سەر دەرونییان، بەڕادەیەکی وا، هەندێ کات هەست بە ناتەواوی دەکەن. بۆیە پەروەردەی دایك و باوك زۆر گرنگە بۆ منداڵەکانیان، کە چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. ( لوقمان ڕەئوف، ٢٠٠٥، ٨٠). و بتوانن چۆن فێری بەرپرسیارییەتیان بکەن.

**3.**ئەنجام و شلۆڤەکردنی پرسیارنامەکان لەسەر بابەتی داڕشتن

پرسیارنامەی قوتابییان و دیاریکردنی ئەنجامی خاڵەکان: ئەو پرسیارنامەی کە ئاراستەی قوتابییان کراوە چوار ئاریشە لەخۆدەگرێت هەر ئاریشەیەکیش چەند پرسیارێکی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکراون :

خشتەی پرسیارنامەی قوتابیان لەسەر ئاریشەی ڕۆنانی

| ژ | پرسیار | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ئایا لە ماڵەوە هاندراوی کە خۆت داڕشتن بنوسی، یان لەلایەن دایك و باوکتەوە بۆت نوسراوە یاخود پشت بە مەلزەمەی داڕشتن دەبەستی؟ | ١١٩ | ٩٥ |
| ٢ | ئایا هەبونی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ لە کاتی نووسینی داڕشتندا وایلێکردوی ، کە نەتوانی بیرۆکە (برگە)ی گونجاو دروستبکەی؟ | ١١٢ | ١٠٢ |
| ٣ | ئایا نەبونی زانیاری گشتی بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانی داڕشتنی پەیوەست بنوسی؟ | ١١٧ | ٩٧ |
| ٤ | ئایا لە قۆناغەکانی پێشتری خوێندن فێرکراوی کە داڕشتن بنوسی بە ڕێگاکان؟ | ١٣٢ | ٨٢ |

شرۆڤەکردنی ئەو خاڵانەی کە لە پرسیارنامەی قوتابیان وەرگیراون لە قوتابخانە حکومیەکاندا لە ئاریشەی ڕۆنانی بەم شیوەیەیە:


لە خاڵی (١) دا، زۆرینەی قوتابییان لەگەڵ ئەوەن دارشتنیان بۆ دەنوسرێ، واتە؛ پشت بە کەسانی تر دەبەستن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ هەندێ لە مامۆستایان هیچ زانیارییان لەسەر بابەتی دارشتن نیە یاخود هۆکاریان هەیە کە نەتوانن گرنگی بەم بابەتە بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکیش هەیە کە دەتوانن پشت بەخۆیان ببەستن لە نووسینی دارشتندا.

لە خاڵی (٢) دا، هەبوونی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ کاریگەری زۆری هەیە لەسەر قوتابیان لە کاتێکدا کە لە ڕووی دەروونەوە ئامادە نەبن بۆ نووسین، چونکە نووسین پێویستی بە بیرکردنەوەیە، ئەگەر بیر و هزری ئەو قوتابیانەش  ماندووبن یا نیگەران بن، ئەوا توانای بیرکردنەوەیان نابێت، یا ئاستەمە دەبێت. بۆنمونە: خراپی هەڵسوکەوتی ئەندامانیماڵەوە لەگەڵ قوتابییان، هەبونی کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو خێزاندا یا ترسی قوتابییان لە نووسیندا بۆ کاتی تاقیکردنەوەکان، .....هتد. قوتابی جۆرە ترسێکی بۆ دروستدەبێ لەناوەوە هەستدەکا کە تواناکانی لەدەستداوە، ناتوانێ بڕیاری دروست بدا یاخود بیرۆکەی جۆراوجۆر دروستبکا.

لە خاڵی (٣) دا، نەبونی زانیاری دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی قوتابیان نەتوانن بیرۆکەی گونجاو دروست بکەن. چونکە هەبوونی زانیاری گشتی وا لە قوتابییان دەکات ئاستی ڕۆشنبیریان فراوانبێت و ئاسانتر درك بە شتەکانی دەوروبەریان بکەن، بە تایبەتی بۆ قۆناغی بازنەی سێیەم زۆر گرنگە، چونکە پێویستە خۆیان دارشتن بنوسن نەوەك کەسانی تر بۆیان بنوسن.

لە خاڵی (٤) دا، بەشێکی زۆری قوتابییان لە قۆناغی پێش خۆیان فێری نووسینی دارشتن نەکراون بە ڕێگاکان، بۆیە کە دەچنە قۆناغی دواتر ئاریشەیان بۆ دروستدەبێت، لە زۆربەی قوتابخانەکانی حکومیدا لە قۆناغی بازنەی دووەمدا کە پۆلەکانی(٤ ، ٥ ، ٦) ی بنەڕەتی دەگرێتەوە، قوتابییان هان نادرێن بۆ خوێندنەوە لەسەر بابەتی جۆراوجۆر.....هتد. بۆیە کاتێ دێن بۆ بازنەی سێیەم ناتوانن خۆیان دارشتن بنووسن، چونکە ڕانەهێنراون لەسەر نووسین و زانیاریشیان دەربارەی ئەم بابەتە بەشێوەیەکی گشتی پێنەدراوە.

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە ئاریشەی ڕۆنانی بەرجەستەدەکات




خشتەی پرسیارنامەی قوتابیان لەسەر ئاریشەی کردەیی(کارەکی)

| ژ | پرسیار | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ئایا کەشێکی لەبارت بۆ رەخسێنراوە لەناو پۆل لە وانەی دارشتندا.(لە وانەی دارشتندا بیدەنگی و ئارامی هەیە)؟ | ١٢٧ | ٨٧ |
| ٢ | ئایا بابەتی خوێندنەوە پشتگوێخراوە، کە کاریگەری زۆرهی هەیە لەسەر بەهێزبونی دەربڕینت؟ | ١٤٦ | ٦٨ |
| ٣ | ئایا خۆت خەریککردوە بە بابەتی ترەوە لە وانەی دارشتندا(چونکە پێت وایە وانەیەکی بێزارکەرە و بابەتێکی سەرەکی نیە)؟ | ١٢٦ | ٨٨ |
| ٤ | ئایا زانیاری تەواوت پێدراوە لەسەر نووسینی ڕێگاکانی بابەتی دارشتن؟ | ١٤٠ | ٧٤ |
| ٥ | ئایا کەمی نمرە بۆتە هۆکار بۆ گرنگینەدانت بە وانەی دارشتن؟ | ١٤٨ | ٦٦ |

شرۆڤەکردنی ئەو خاڵانەی کە لە پرسیارنامەی قوتابیان وەرگیراون لە قوتابخانە حکومیەکاندا لە ئاریشەی کردەیی(کارەکی) بەم شیوەیەیە:

لە خاڵی (١) دا، وانەی داڕشتن پێویستی بە بێدەنگی و ئارامی هەیە، چونکە قوتابیان لەوکاتەدا پێویستیان بە بیرکردنەوەیە، بۆیە کەشێکی بێدەنگ و ئارامیان پێویستە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە شێکی زۆری قوتابییان کەشێکی لەباریان بۆ دروست ناکرێت لەناوپۆلدا، مامۆستاکانیش هۆکارەکەیان بۆ هەبوونی زۆری ژمارەی قوتابییان و قوتابی لاسار زیاتر لە قوتابخانەی حکومی ئاساییدا دەگەڕاندەوە.


لە خاڵی (٢) دا، بەشێوەیەکی گشتی بابەتی خوێندنەوە پشتگوێ خراوە و گرنگی پێنەدراوە، هەرچەندە کە بابەتی خوێندنەوە زۆر گرنگە بۆ قوتابیان چونکە وایان لێدەکات مێشکیان فراوان بێت و زانیاری لەسەر هەر بابەتێك پەیدابکەن.

لە خاڵی (٣) دا، زۆرێك لە قوتابییان خۆیان خەریك دەکەن بە بابەتی ترەوە لە وانەی داڕشتندا، چونکە پێیان وایە وانەیەکی بێزارکەرە و بابەتێکی سەرەکی نیە. بەڵام بە پێچەوانەوە لە هەندێک قوتابخانەی تر پێیان وابوو؛ مامۆستاکان زۆر ئاگاداری قوتابیانن و لەناوپۆلدا قوتابییان خەریکدەکەن بە پیدانی ڕێنمایی و خاڵە بنەڕەتییەکانی بابەتی داڕشتن، و فێری نووسینی ڕێگاکانی داڕشتنیان دەکەن.

لە خاڵی (٤) دا، لە هەندێک قوتابخانەدا بە قوتابییان دەوترێت کە داڕشتن بنوسن بێ ئەوەی هیچ ڕێنماییەکیان پێبدەن، یا پێیان دەڵێن لە ماڵەوە داڕشتن بنووسن و بیخوێنن و بۆ ڕۆژی دواتر تاقیکردنەوەیان پێدەکەن، واتە فێری نووسینی داڕشتنیان ناکەن کە لەناوپۆلدا بیربکەنەوە ئینجا بینووسن.

لە خاڵی (٥) دا، نمرەی قوتابییان لە وانەی داڕشتندا لە بازنەی سێیەمدا کە(٥) نمرەی لەسەرە. زۆرێک لە قوتابییان پێیان وایە نمرەکە کەمە بۆیە زیاتر گرنگی بە بابەتی تر دەدەن وەك لە داڕشتن. کەمی نمرە هەندێجار دەبێتە هۆکارێك کەوا قوتابییان ئەم بابەتە پشتگوێ بخەن.

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە ئاریشەی کردەیی(کارەکی) بەرجەستەدەکات




خشتەی پرسیارنامەی قوتابیان لەسەر ئاریشەی تایبەت بە وانەوتنەوە

| ژ | پرسیار | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ئایا مۆڵەتت پێدراوە بۆ گفتوگۆ و پرسیارکردن لەوانەی داڕشتندا؟ | ٥٤ | ١٦٠ |
| ٢ | ئایا ئامانجی داڕشتنت بۆ ڕونکراوەتەوە کە مەبەستی چییە؟ | ١٢٥ | ٨٩ |
| ٣ | ئایا ئامادەنەبونت لە ڕوی دەروونییەوە هۆکار بووە کە نەتوانی داڕشتن بنوسی؟ | ٣٥ | ١٧٩ |
| ٤ | ئایا ڕێگاکانی نووسینی داڕشتنت بۆ ڕونکراوەتەوە لە کاتی وانەی داڕشتندا؟ | ١١٠ | ١٠٤ |

شرۆڤەکردنی ئەو خاڵانەی کە لە پرسیارنامەی قوتابیان وەرگیراون لە قوتابخانە حکومیەکاندا لە ئاریشەی تایبەت بە وانەوتنەوە بەم شیوەیە:


لە خاڵی (١) دا، زۆرینەی قوتابییان ڕێگایان پێنادرێت بۆ گفتوگۆ و پرسیارکردن لە وانەی داڕشتندا، خودی بەهێزبونی چالاکی مێشك دەگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆ و پرسیارکردن لەنێوان یەکتریدا. چونکە ئەم چالاکییە وا لە قوتابییەکان دەکات بیربکەنەوە و بیرۆکەی جیاواز دروستبکەن و هەستەکانیان بەهێزبێت لە دەربڕینی بیروڕاکانیاندا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە کۆمەڵێک زانیاری لەنێوان مامۆستا و قوتابییاندا ئاڵوگۆڕدەبێت لە ئەنجامدا هەم ئاستی زانیاری مامۆستا، هەم ئاستی زانیاری قوتابییان بەهێز و زیاتر دەبێت.

لە خاڵی (٢) دا, بە شێوەیەکی گشتی ئامانجی داڕشتن بۆ قوتابییان ڕوون ناکرێتەوە کە مەبەستی چیە و چەندە گرنگە زانینی. بەڵام ڕێژەیەکی کەمی قوتابخانەکان پێیان وابوو؛ بە شێوەیەکی گشتی ئامانجی داڕشتن بۆ قوتابییان ڕوون دەکرێتەوە و گرنگی پێدەدرێت.

لە خاڵی (٣) دا، ئەگەر قوتابییان ئاریشەیان هەبێت واتە لە ڕووی دەروونییەوە ئامادە نەبن، ناتوانن بیرۆکەی گونجاو دروستبکەن، بۆیە زۆرینەی قوتابییان پێیان وابوو؛ کەوا ئامادەنەبوون لە ڕووی دەروونییەوە، کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە نووسین و بیرکردنەوەدا، بەڵام لە هەندێ قوتابخانەی تر پێیان وابو؛ کەوا مامۆستاکان هۆکاری بەهێزبونی قوتابییەکانن.

لە خاڵی(٤) دا، هەندێ لە مامۆستایان ڕێگاکانی داڕشتنیان بۆ ڕوون دەکەنەوە، بەڵام هەندێکی تر بۆیان ڕوون ناکەنەوە. کەواتە: ڕوون کردنەوەی ڕێگاکانی نووسینی بابەتی داڕشتن زۆر گرنگە بۆ قوتابییان شیبکرێتەوە و ڕوون بکرێتەوە، بە هۆیەوە قوتابییان بابەتەکەیان لەلا ئاسان دەبێت و لەهەمان کاتدا دەتوانن لە ئامانجی داڕشتن تێبگەن، کە تێگەیشتن ئامانجەکەی چیە، ئەوکات گرنگی بابەتی داڕشتنیان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە ئاریشەی تایبەت بە وانەوتنەوە بەرجەستەدەکات




خشتەی پرسیارنامەی قوتابیان لەسەر ئاریشەی تایبەت بە ڕێنمایی و هەڵبژاردنی بابەت

| ژ | پرسیار | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | ئایا ئاشنا کراوی بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و.....هتد لەوانەی داڕشتن و دەرەوەی وانەی داڕشتن؟ | ٥٢ | ١٦٢ |
| ٢ | ئایا ئەو ناونیشانەی لە وانەی داڕشتندا بۆت دیاریکراوە لات سەرنجراکێش بووە؟ | ١١٢ | ١٠٢ |
| ٣ | ئایا ئەو بابەتەی کە پێتدراوە گونجاوبوە لەگەڵ ئاستی تۆ؟ | ١٣٠ | ٨٤ |
| ٤ | ئایا هیچ کاریگەرییەکت بینیوە لەسەر دەرچوون یا دەرنەچوونت بۆ قۆناغی دواتر لە بابەتی داڕشتندا؟ | ٣٢ | ١٨٢ |
| ٥ | ئایا سەرپشککراوی لە هەڵبژاردنی ناونیشان لە بابەتی داڕشتندا؟ | ٤٠ | ١٧٤ |

شرۆڤەکردنی ئەو خاڵانەی کە لە پرسیارنامەی قوتابیان وەرگیراون لە قوتابخانە حکومیەکاندا لە ئاریشەی تایبەت بە ڕێنمایی و هەڵبژاردنی بابەت بەم شێوەیەیە:

لە خاڵی (١) دا، قوتابییان ئاشنای خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و.....هتد ناکرێن لە وانەی داڕشتن و دەرەوەی وانەی داڕشتن، هەندێک لە قوتابییان پێیان وابوو زۆرینەی مامۆستایان خوێندنەوەی ناو کتێب فەرامۆش دەکەن چ جای ئەوەی ئاشنایان بکەن بە کتێب و گۆڤار و .....هتد. چونکە بابەتی خوێندنەوە، چالاکی دەدات بە مێشکی قوتابیان، وادەکا ئاستی بیرکردنەوەیان بەهێزبێت.

لە خاڵی (٢) دا، لە زۆربەی قوتابخانەکان ناونیشانی داڕشتن مامۆستا دیاریدەکات. بەڵام لە هەندێک قوتابخانەی تر قوتابیان پێیان وابوو: ئەو ناونیشانەی کە بۆ قوتابییان دادەنرێت بە شێوەیەکی گشتی لایان پەسەندە، چونکە مامۆستاکە خۆی ڕەچاوی ئاستی قوتابییەکانی دەکات و بە پێی ئاستی قوتابییەکانی ناونیشانەکان دەگونجێنێت.

لە خاڵی (٣) دا، زۆرینەی مامۆستاکان هەوڵدەدەن کەوا ناونیشانی داڕشتن لەگەڵ ئاستی قوتابییان بگونجێنن.

لە خاڵی (٤) دا، ڕێژەیەکی زۆر لە قوتابییان پێیان وابوو؛ کەوا هیچ کاریگەریەك نابینرێت لە دەرچونیان یا دەرنەچونیان لە وانەی داڕشتندا، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر هەستەکانی قوتابییان دروستدەکات بەوەی کە لەلای گرنگ نەبێت و فەرامۆشی بکات.


لە خاڵی (٥)، زۆرینەی مامۆستاکان ناونیشانی دارشتن دیاریدەکەن و قوتابییان سەرپشك ناکەن لە دانانی ناونیشان. ئەمەش کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر هەستی قوتابییان بەتایبەتی بۆ دەربڕین و بیرکردنەوەیان، چونکە لەوانەیە:

أ- ئەو ناونیشانەی دایناوە نەگونجێ لەگەڵ ئاستی قوتابییەکانی.

ب- هیچ زانیارییەکی پێشینەیان نەبێت لەسەر ئەو ناونیشانەی بۆیان دیاریکراوە .

کەواتە: ئەم هۆکارانە وا لە قوتابییان دەکات لە رووی دەروونییەوە کەسێکی ناکارامەبن لە ئاست ئەم بابەتە. باشتر وایە لە هەر وەرزێکدا لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەکاندا مامۆستا پلانی ساڵانەی هەبێت و بۆ قوتابییانی ڕوون بکاتەوە، چونکە گرنگی پلانی ساڵانە بۆ بابەتی دارشتن ئەویە کە قوتابییەکە دەزانێت لەو ماوەیەدا چ ناونیشانێکی هەیە، هەوڵدەدات هەر بابەتێك لەسەر ئەو ناونیشانەی هەبێت بیخوێنێتەوە.

ئەم چارتە ڕوونکردنەوەی داتاکان لە ئاریشەی تایبەت بە ڕێنمایی و هەڵبژاردنی بابەت بەرجەستەدەکات




**4.**لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ و گفتوگۆکردن لەگەڵ قوتابییان بە جێبەجێکردنی پرۆگرامی زمانەوانی دەروونی و دەماری و کۆمەڵایەتییەوە گەیشتین بەم تێبینیانەی خوارەوە:

١- بەشێکی زۆر لە قوتابییان پێیان وابوو، وانەی دارشتن وانەیەکی سەرەکی نییە.

٢- نەتوانینی قسەکردنی قوتابییان بە شێوەیەکی ژیرانە. بۆنمونە: یەکێک لە قوتابییانی قوتابخانەیەکی حکومی، دەیوت: دارشتن هەر هیچ نییە، ئەمن دەزانم شتەکی بلێم بەس نازانم چۆن پێت بلێم؟ ئەمە مانای ئەوەیە کە ئامانجی دارشتنی بۆ ڕوون نەکراوەتەوە، چونکە تێگەیشتن لە بابەتی دارشتن وای لێدەکات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسانی بەرامبەری بکات و چۆن قسەکانی لەگەڵ یەکتر بگونجێنێت.

٣- زیاتر خەریك بوونی قوتابییان بە شتی بێ کەڵك، وەکو: گیرۆدەبوونی قوتابیان بە سۆشیاڵ میدیا و یاری و .....هتد، نەوەك خوێندنەوەی کتێبی بەسود. ئەمانەش وا لە قوتابییان دەکەن مێشکیان کۆنترۆڵ بکرێت بە شتی بێ سوود، هەربۆیە کەسایەتییەکی دەروون ئالۆز و تووڕەیان لێ دروست دەبێت. و ناتوانن هەوڵی داهێنان بدەن.

٤- کەمی نمرە یاخود دانانی نمرەی دارشتن وەك نمرەیەکی یارمەتیدەر بۆ بابەتی تر، دەبێتە هۆی بەکەم سەیرکردنی بابەتەکە لە لایەن قوتابییان.

**5.**ئەنجام:

١ – نەبونی پلان و پرۆگرامێکی پەروەردەیی باش و تۆکمە بۆ بەهێزکرنی دەروونی و هزری قوتابییان و ڕاهێنانیان لەسەر نوسینی دارشتن ، یا وتنی بابەتێک بە شێوەی زارەکی .

٢ – بە هەند وەرنەگرتن و گرینگی نەدانی مامۆستایان بە وانەی دارشتن و پێدانی نمرەی دارشتن بە مەبەستی پڕکردنەوەی بابەتی تر نەک خودی دارشتن ، هەروەها دوبارەبونەوەی بابەتی دارشتن و هەندێک جاریش نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان بابەتی دارشتن و تەمەن و تێگەیشتنی قوتابیان .

٣ – دڵسۆزییەکی بێ ئاکام و بێ مانای دایک و باوک بۆ قوتابییان لەوەی کە دارشتن بۆ قوتابییان دەنوسن لە شوێنی ئەوەی کە ڕێنوێنی قوتابییان بکەن بۆ خوێندنەوەی کتێب یا بابەتی دارشتن یا هەر شتێک کە قوتابییان لە ڕووی هزرییەوە بەهێز بکەن .

٤- بێ هیوایی قوتابییان بە وانەی دارشتن و خۆ خەریککردن بە وانەی تر یا هەر بابەتێکی نا دەرسی، وا لە قوتابییان دەکات کە وەک پێویست نەتوانن کارامەو بەتوانا بن بەرامبەر بە وانەی دارشتن و ئاخاوتن لەسەر هەر بابەتێک.

6. پێشنیار:

١- دانانی كتێب یا پڕۆگرامێكی تایبەت بە داڕشتن لە قوتابخانەكان بە پێی قۆناغەكان. ٢- هەوڵبدرێت لەناوپۆل داڕشتن بنوسرێت. ٣- ئێگەیاندنی قوتابی لەوەی كە نوسین و داڕشتن لە ژیانی كەسی و كۆمەڵایەتی ئەودا ڕۆلێكی گرنگ دەگێرێت. ٤- هەندێ جار ڕێگە بدرێت قوتابی لەناوپۆل داڕشتنەكەی بخوێنێتەوە. ٥- دانانی پێشبركێی ساڵانە بۆ جوانترین داڕشتن لەسەر بابەتێك. ٦- هەندێ جار داوا لە قوتابی بكرێت لە دوای خوێندنەوەی كورتە چیرۆكێك، چیرۆكەكە بە كورتی بنوسێتەوە.

**7. لیستی سەرچاوەكان:**

**نامەی ئەكادیمی:**


دزەیی ، عبدالواحد مشیر محمود ، ( ١٩٩٩) ،پێكهاتنی ئاخاوتن لەزاری هەولێردا، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی صلاح الدین، هەولێر. نامەی ماستەر.

سالح ، دەرون عەبدولرەحمان ، (٢٠١٤)، ڕۆلی زمان لە ئاراستەكردنی لایەنی دەرونی تاكدا، زانكۆی سلێمانی، سكولی زمان، بەشی كوردی. نامەی دكتۆرا.

عارف، ئەڤین سامی، (٢٠١١)، كاریگەری باری دەرونی لەسەر زانی قسەكردن، زانكۆی صلاح الدین، هەولێر. نامەی ماستەر.

عەبدولرحمان، شیلان عوسمان ،(٢٠٠٨)، كارابونی زمان لەپەیوەندیە كۆمەلایەتیەكاندا، زانكۆی بەغداد، كۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، بەشی زمانی كوردی. نامەی ماستەر.

محمدامین، ئەژین اكرم، (٢٠١٤)، ڕۆڵی NLPلەبەرەو پێش بردنی خوێندنی زانكۆییدا، زانكۆی صلاح الدین، هەولێر. نامەی ماستەر.

محمد،بەهار زایر، (٢٠٠٩)، زمان و یاسا كۆمەڵایەتیەكان، زانكۆی صلاح الدین، هەولێر.نامەی ماستەر.

كتێب:

سعید، یوسف شەریف ،(٢٠١١)، زمانەوانی.

عبدلواحید مشیر دزەیی، (٢٠١٤)، زمانەوانی دەروونی، چاپی یەكەم، هەولێر.

.................................،( ٢٠١٣ )، ڕازیكردنی خێرا لە چوارهەنگاودا (پڕۆگرامكردنی زمانەوانی دەماری N.L.P).

ڕەئوف، لوقمان ، (2005 )، خوێندنەوە و داڕشتن، چاپی یەكەم، سلێمانی.

نزیف مایی، (٢٠٠٨)، ئەزمونی نوهات و گۆڕانكاری پەروەردەیی، چاپی یەكەم، كوردستان.

گۆڤار و كۆنفرانسی زانستی:

ڕەسول، عەبدوڵلا حوسین ،دەروزمانی گۆڤاری زماناسی، ژمارە(١٧)، ساڵی (٢٠١٥) .

دزەیی ، عبدالواحد مشیر ، (٢٠١٢ )،زمانەوانی دەروونی، گۆڤاری زانكۆی سەلاحەدین، ژمارە(١٣) .

قادر، شێركۆ حەمەئەمین ،(٢٠١٣)، چۆن بیانی فێری زمانی كوردی بكرێت؟ كۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی كوردی(پەروەردە میدیا)٢٠١٢، ٢٠١٣،هەولێر.

مستەفا، م.ی. ڕیزان عوسمان ، (٢٠١٣)، دەربڕین و وەرگرتن لە زمانی پەروەردەدا، كۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی كوردی(پەروەردە میدیا)٢٠١٢، ٢٠١٣،هەولێر.

ئەحمەد، بێستوون حەسەن ، (٢٠١٣)، وەرگرتن و دەربڕین بەشێوەیەكی پەروەردەییانە لە زمانی كوردیدا، كۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی كوردی(پەروەردە میدیا)٢٠١٢، ٢٠١٣،هەولێر.

سەرچاوەی ئەلیكترۆنی:

چنار عزیز، (٢٠٢٠)، بۆچوونی فەیلەسوفەكان لەسەر پەروەردە، ٢٠٢٠/٩/١٧ . www.pukmedia.com

عەدنان مەجید محەمەد، (٢٠١٨)، پەروەردە لە ڕوانگەی هزرەكانی فەیلەسوف(جۆن لۆك)ەوە، ٢٠١٨/٥/١٥ . www.facebook.com\penuskurd.

بەهائەدین جەلال، (٢٠١٨)، ئاسایشی دەروون ئارەزووەكانی مرۆڤ دێنێتەدی www.hawler.com .

سەرچاوەی عەرەبی

كتێب(كتب)

داود،محمد محمد، (٢٠٠١)، العربیه وعلم اللغة الحدیثة، دار غریب للطباعة والنشر والتوزیع، القاهرة.

الضامن ،حاتم صالح ،( ١٩٨٩)، علم اللغه. طبع بمطبعه التعليم الحالى بالموصل.
حسن ،احسان محمد ,(١٩٩١)، رواد الفكر الاجتماعى, وزارة تعليم العالى والبحث العلمى, بغداد.
سەرچاوەی ئینگلیزی
كتێب:
Crystal, David, 1993, language and languages.
Romine, S, 1989; Bilingualism. Oxford; Basil Black well

**لغة التربية وأثرها على قلة الخبرة للطلاب في كتابة الانشاء ( الدائرة الثالثة المرحلة المتوسطة) كمثال**

**شادان صلاح الدين صالح**
قسم اللغة الكوردية/ كلية اللغات/ جامعة صلاح الدين
**Shadans1988@gmail.com**

**مزگين احمد عبدالرحمن**
قسم اللغة الكوردية/ كلية اللغات/ جامعة صلاح الدين
**mizgin.abdurahman@su.edu.kr**

**ملخص**

قلة الخبرة للطلبة في كتابة الانشاء لها عدة اسباب, درس الانشاء ليست مثل الكتابة الاعتيادية تكتب بدون الرجوع الى المعنى ووضوع الكليمة والجمل فيها لينال الطالب على درجة معينة, الانشاء الجيد تاتي بعد التفكير والتأمل والاستفادة من الخيال وتنشيط الذهن.الطالب في هذه الدرس يجب عليه بالرغم من الصدق في كتابة الكلمات, ايضايجب أن يكون لدية قدرة على وصف الاشياء البارزة وايضا قابلية الكتابة من داخله وربط الجمل لاعطاء معنى واضح, لغرض تقوية قلة خبرة الطالب في كتابة الانشاء يجب ان يتمرنو يتعلم في المدرسة, في هذه البحث حاولنا توضيح اسباب قلة الخبرة للطلبة والاجابة على بعض الاسئلة وفي سياق هذا المجال قمنا باخذ رأي الطلاب والمعلمين والاباء والامهات و ذلك من خلال توجيه بعض الاسئلة لهم و يعدها قمنا بجميع الاجوبة والحقائق, من خلال الاجوبة تبين لنا ان مشاكل قلة الخبرة للطلاب الدائرة الثالثة في دراسة الانشاء من خلال اربعة مراصد يمكن اسخلاصها: 1- مشكلة التأليف والتشكيل, 2- مشكلة عملية, 3- مشكيلة تعليمية, 4- مشكيلة توجيهية واختيار المواضيع.

**الكلمات الدالة:** الغة التطبيقية, درس الانشاء, المدرسة, قلة الخبرة.

**The education language and its influence on the pupils incompetence in text formation (The third class of the basic stage) as an example**

**Shadan Salaheddin Salih** **Mizgin Ahmad Abdurahman**
Department of Kurdish Language - Collage of Language - Salaheddin University-Erbil
Shadans1988@gmail.com mizgin.abdurahman@su.edu.krd

**Abstract**

The pupils incompetence in text writing lesson has lots of causes, text formation lesson is not like the dictation lesson in which the sentences to be written without paying attention to the meaning and status of the words and good marks will be obtained in.

A proper writing is the result of thinking and benefiting from imagination and the mental activities in this lesson, in addition to writing the words correctly, the pupils should have a good command of syntax and have the ability of describing the visible matters and their inner thoughts. To strengthen their competence; the pupils should be given exercises in their schools.

In this research, we have attempted to showcase the reasons behind the pupils incompetence; we should answer some questions and for this purpose we have taken the opinion of the pupils, teachers and the parents of the pupils. The research has been conducted through a questionnaire that has been distributed over them and the collected data and answers have been analyzed later.

The results show that the incompetence problem among the pupils of the third stage of the basic study in text formation lesson can be summarized in four reason: 1- The word and sentence status problem. 2- The practical problem. 3- The problem related to the teaching method. 4- The problem related to directing the pupils and choosing the topic.

**Keywords:** Applied linguistics, competence, pupils, influence on the pupils.